ZAGROS WEBSITE
www.zagros.org
www.zagros.ws
پێگەی زاگرۆس

## فازیل قەرەداغی نووسەرو ڕوناکبیر:

## دەسەڵات بەشێکە لەدواکەوتوویی زانکۆکان و یەکێکیشە لە بەرهەمهێنەرانی ئەو دواکەوتنە

وەرچەرخان
دیمانەی ڕۆژنامەی وەرچەرخان- ڕۆژنامەی ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان
ژمارە 44- لە 2006/8/8- ل6

سازدانی: کەیوان عەبدوڵڵا

ZAGROS WEBSITE

قسەکردن لەسەر ئاستی زانستی زانکۆکان و حاڵەتی دابەشکردنی چەند کاغەزێك وەکو بڕوانامەی کەبەئەکادیمی و زانستی و لێکۆڵینەوە لەسەر زانکۆ حسابی دەکرێت هۆکاری سازدانی ئەم دیدارەبوون.

فازیڵ قەرداغی وەکو نووسەرو ڕووناکبیرێکی کورد وەکو یەکەمین ڕەخنەگری جددی کوردی کە نامەیەکی زانکۆیی لە وەهمی لێکۆڵینەوە خستووە, وەڵامی چەند پرسیارێکمان دەداتەوە.

+ڕێم بدە لەم دەستەواژەیەوە دەست پێبکەم "زانکۆ ناوەندێکی ئەکادیمییە بۆ پێگەیاندنی کەسانی ئەکادیمی" بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە بۆ زانکۆکانی کوردستان چەند ڕاستە؟

> گرنگترین شتیش وا لە قوتابی زانکۆ بکەیت بەشداری بکات لەو زانستەی دەیخوێنێ، واز لە شێوازی تەلقین بهێنرێ

- ڕاستە بە قسە، ڕاست نییە بە واقع. زانکۆکانی کوردستان ئەوەیان پێ ئەنجام نادرێ بەتایبەت لەم دواییانە. ئەو پێگەیاندنەی گوایە ئەکادیمییە بۆ ئاستی گوندێك دەشێ، یان ڕەنگە شارۆچکەیەك.

+کەوابوو زانکۆکانی لای ئێمە ئێستا لە چ ئاستێکدان؟

-ئەوەیە کە وتم، ئاستی بەڕێوەبردنی گوندێك یان شارۆچکەیەك. ئاستەکەیان دەگاتە خوێندنی ناوەندی، زانکۆکانمان ڕێك قوتابخانەی ناوەندین.

+مەبەستت کام ناوەندییە، ناوەندییەکانی دەرەوە یان ناوەندییەکانی کوردستان؟

-دەرەوە دەرەوە.. ناوەندییەکانمان لە ئاستی قوتابخانە سەرەتاییەکانی دەرەوەن... بەڵام ناوەندییەکانی هەموو وڵاتێکیش نا.

+کەوابوو ئەو بڕوانامەیەی لێرە بەخوێندکاری دەرچووی زانکۆ دەدرێت چەند ئەکادیمییەتی ئەو خوێندکارە دەسەلێنێ؟

-بۆ وڵاتی خۆمان باشە و دیسەلێنێ چونکە هەموومان لەیەك ئاستداین، واتە بۆ ئیستیهلاکی مەحەلی باشە بەڵام بۆ دەرەوە هیچ.

+کەوابوو دەرەنجامی زانکۆو بڕوانامەکەی بەرەو کوێمان دەبات؟

-بەتەمای بەرەو مانگمان بەرێ؟ بێگومان بەرەو وەزیفەی حکومی دەمانبات، واتە فرێزەری عەقڵو بیرکردنەوە. بەرەو دواوە دەمانبات.. دواوە بەو واتایەی من لەشوێنی خۆمدا دەمێنمەوە، جیهانیش بەرەو پێشەوە ملی ناوەو نەدەوستێ و نە ئاوڕدەداتەوە. قەت سواری شەمەندەفەر بووی؟ منیش سواری نەبووم, بەڵام دەزانم ئەگەر دوو شەمەندەفەر لە تەنیشت یەك بوون و یەکێکیان ڕۆشت و ئەوەی تر وەستابوو ئەوەی وەستاوە وادەزانێ دەگەڕێتەوە دواوە.

+ئەم دواکەوتنە هەروا دەمێنێتەوە یان هیوای چارەسەری هەیە؟

- بەم گەڵوگیپاڵەی ئێستامان نەخێر. ئێمە کۆمەڵگایەکمان هەیە بەشێوەیەکی گشتی دواکەوتووە، ئەوەی بەرهەمیشی دەهێنێ هەر دواکەوتووە. وابزانە ئێمە کارگەیەکین.. بەدڵنیاییەوە کارگەین، کارگەش ئەوە بەرهەمدەهێنێ کە لەتوانایدا هەیە. دواکەوتوویی هەر دواکەوتوویی دەهێنێتە بەرهەم.

+ بەڵام زانکۆکان ئەمڕۆ قەرەباڵغترن.. ئەمە بەهۆی دواکەوتوویییە یان پێشکەوتن، پاشان ئەم قەرەباڵغبوونە چ کاریگەرییەکی دەبێ، پێشکەوتن یان دواکەوتن؟

- قەرەباڵغی پێوانە نییە. ئەگەر ئەنفلەوەنزای باڵندە نەبوایە بازاڕی قازو قولنگ ئەمڕۆ قەرەباڵغتر دەبوو. بێگومان پەیوەندییەك هەیە لەنێوان قەرەباڵغیی زانکۆکان و پێشکەوتنیان یان دواکەوتوویيان، بەڵام پەیوەندییەکە لاوازە، واتە لەچەند شتێکدا خۆی دەبینێتەوە وەك ئەوەی مامۆستا نەتوانێ هۆڵێکی سەد نەفەری کۆنترۆڵ بکات، بەڵام ئەوەی لەگەڵ هۆڵێکی سی نەفەریی بۆ دەکرێ، یان بەپێچەوانەوە پۆلێکی حەفتا قوتابی رەنگە حەوت بلیمەتی تێدا هەڵکەوێ بەڵام بۆی هەیە پۆلێکی سی قوتابی پێنجەمی وای تێدا هەڵدەکەوێ. هەموو ئەمانە راستن بەڵام زانکۆ قوتابخانەی سەرەتایی نییە تا ئەو قوتابییە بە تەلقین شتی پێ بوترێ. مامۆستا لەسەریەتی هێڵە گشتییەکان دیاری بکات و ئەوەی تر بەجێ بهێڵێ بۆ قوتابی. تەنانەت بۆ قوتابخانەی سەرەتاییش هەڵەیەکی گەورەیە هەموو شتێك بە تەلقین بە قوتابی بوترێ.

+ئەگەر باسی شێوازی تەلقین بکەین تا چەند ئەو شێوازە سوودی هەبوو؟

-بێگومان سوودی زیاتر بووە لە تەلقینی مەلا بۆ مردوو، بەڵام کێشەکە ئەوەیە قوتابی پێویستی بەوە نییە تەلقینی شایەتمانی بدرێ بەڵکو پێویستی بەوەیە بەپێی ئەو شایەتمانییە کار بکات و بیربکاتەوە. بۆ نموونە لەجیاتی ئەوەی قوتابیی مێژوو دەیان ساڵ و ناوی قورس لەبەر بکات باشترە شارەزای گیانی ئەو سەردەمە بێ کە مێژووەکەی دەخوێنێتەوە. دڵنیام کە تەنانەت ئەو قوتابییەی هەموو رووداوەکان و ساڵەکان و ناوەکانی سەردەمێکی دیاریکراوی لەبەرە، بۆ نموونە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی و لێکەوتەکانی لە ئەوروپا، ئەو سەردەمە وەکو سەردەمێکی تەمومژاوی دێتە بەرچاوی. قوتابییەکی وا کە سبەی بووە مامۆستا دەتوانێ چاو بنووقێنێ و وانەکە بڵێتەوە، بەڵام نەك تەنها ناتوانێ ئەو مێژووە بە ئێستای فەرەنساو ئەورووپاوە ببەستێتەوەو نەك تەنها ناتوانێ بە رەوڕەوەی مێژووەوە ببەستێتەوە بەڵکو لەوەش زیاتر وانەیەکی بێ گیان و بێ تام پێشکەش بە قوتابییان دەکات و ئەو قوتابییانە وا لێ بکات بڵێن: ((چیمان داوە لەو مێژووە)). مامۆستای زۆر هەن وایان لە قوتابی کردووە بڵێن: ((بۆچی ئەسڵەن مێژوو دەخوێنین؟)).

پرسیاری دواکەوتوویی زانکۆکان لە حکومەت مەکەن, حکومەت گوناحە سەری مەیەشێنن

+دەتوانین بپرسین هۆکارەکان چین کە وایان لەزانکۆکان کردووە بەو دەردە بچن؟

-دەڵێی (دەتوانین بپرسین) بەڵام پرسیارەکەت کرد.. بێگومان دەتوانی بپرسی بەڵکو دەبێ بپرسی. دەبێ ئەوە بزانین، زانکۆ یان غەیری زانکۆ بریتییە لە سێ بەش (مامۆستا، قوتابی، بەرنامە). پێویستە مامۆستا ئاستی بەرزبێ، قوتابی جددی بێ، بەرنامەش دروست بێ. هەردوو قوتابیو بەرنامە بەرهەمی دەستی مامۆستان، کەواتە مامۆستا ئەساسترە, بەڵام مامۆستاکان کێن؟ بەشێکیان هەر بەرهەمی ئەو زانکۆیەن. ئەو بەشە بەرهەمی ئەو کارگە دواکەوتووەن، بۆیە دەبێ چاوەڕێ بکەین هەر دواکەوتوویی بەرهەم بهێنن، ئەی کڕیارەکان کێن؟ کڕیار کۆمەڵگەو قوتابییە. بەڵام جگەلە سێکوچکەی (مامۆستا، قوتابی، بەرنامە) و لەسەرووی ئەو سێکوچکەیە شتێکی جەوهەریتر هەیە ئەویش بونیادی گشتیی کۆمەڵگەیە. با وا دابنێین زانکۆیەکمان دامەزراند هەموو شتە نموونەییەکانی (مامۆستا، قوتابی، بەرنامە) لەخۆ بگرێ، ئایا بواری کاری دەرچووانی زانکۆ کوێیە؟ هەر ئەو کۆمەڵگەیە نییە کە دەبێتە کۆسپ لەبەردەم سەرکەوتووان و



ZAGROS WEBSITE

لەبەردەم ئەوانەی شتی نوێیان پێیە؟ ئێمە ئەگەر باسی زانکۆکانی ئێستا بکەین کە نزمترین ئاستی (مامۆستا، قوتابی، بەرنامە)یان هەیە لەسەدا چەند ئەو زانستەی دەخوێنرێ، کەوانەیەکی گەورەی جوانیش بکەینەوەو تیایدا بڵێین: ( بەو حاڵە جوانەی خوێندنی ئێستا..) چەند ئەو زانستە بەکار دێ؟ نموونەت لە ئەندزایاری بۆ دەهێنمەوە: تا ئێستا زۆر ئەندازیار شوێنی وەستا دەکەون و کاری هەڵە ئەنجام دەدەن، ئەوەش هۆی ئەو قسە باوەی ناو خەڵکەکەیە کە فلانە وەستا هێندەی پەنجا ئەندازیار دەزانێ. بەپاڵ دواکەوتوویی کۆمەڵگە دەسەڵات هەیە کە بەشێکە لەو دواکەوتوویە و یەکێکیشە لە بەرهەمهێنەرانی. باسی ئەو زانکۆ وەهمییەمان کرد: ئایا بەرپرسان دەهێڵن بەو شێوەیەی بۆی دانراوە بەڕێوەبچێ؟ بێگومان نەخێر چونکە ئەو بەرپرسانە کوڕو کچو خزمو کەسانی کوتلەو خەتی خۆیان دەنێرنە ئەو زانکۆیە بێئەوەی هیچ موئەهیلاتی ئەوەیان هەبێ. ئەوان وادەزانن دەسەڵاتەکەیان ڕێگەیان ئەوەیان پێدەدات، ڕاستیش دەکەن، دەسەڵاتەکەیان ڕێگەیان پێدەدات لەوە زیاتر بکەن. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەگەر ئەو موحتەرەمانە بزانن ئەو زانکۆیە سەرچاوەیەکی داهاتی گەورەیە خێرا دەستی تێدەخەن یان بە کڕینەوە بەشێك لێی هەر وەك هەر پرۆژەیەکی تر، یانیش بە تێکدانیو نەهێشتنی. کەواتە بەکورتی: جگەلە چاککردنی (مامۆستا، قوتابی، بەرنامە) پێویستە کۆمەڵگەکە خۆی چاك بکرێ.. لەوەش کورتتر ناوترێ.

+حکومەت چ چاوەڕوانییەکی لەدەرچووانی زانکۆکان هەیە؟

- حکومەت تەقەی سەری دێ لەو قسانەو ئەو قسانە بۆ ئەو گوێزژماردنێکی بێمانایە. وتم دەسەڵات بەشێکە لەو دواکەوتوییەو یەکێکە لە بەرهەمهێنەرانی.ئەم پرسیارە نەکرێ لە حکومەت باشترە, حکومەت گوناحە سەری مەیەشێنن.

+کەواتە ئەم قەیرانە بەرەو کوێمان دەبات؟

-ئەمە قەیران نییە، ئەمە کارەساتە، کارەساتیش بەرەوکوێ دەچێ جگەلە هەڵدێر؟ ئێستا ئێمە لە بنی دۆڵەکەین، لەو دۆڵەش چەمێکی زاڵم هەیە لەگەڵ خۆیمان دەبات. شتە خراپەکە ئەوەیە ئێمە لەو کاتەی بەرەو ئەو بنی دۆڵە خلۆر دەبینەوە وا دەزانین بۆ سەیران دەچین. کێ هەست بەم کارەساتە دەکات؟ ئەوانەی لەم وڵاتەدا دەژین بەڵام کەم تا زۆر ئاگایان لە جیهان، یان ئەوانەی لە وڵاتانی دەرەوەن و بەچاوی کڕیارەوە تەماشای پێشکەوتنی ئەو وڵاتانە دەکەن.

+چی وای لە فازیل قەرەداغی کردووە زانکۆ وەك کۆمیدیای ئەکادیمی ناو ببات؟

-ئەمە ناونیشانی بەشێکی کتێبێکی خۆمە لەبارەی نەخوێنەواری لە کوردستان. خوێندنی گوایە ئەکادیمی بۆ ئەوە باشە وەك شانۆییەکی کۆمیدی پیشان بدرێ.

+چی لەزانکۆدا تۆی هێناوەتە پێکەنین؟

- هەندێ شت دەبینم پێدەکەنم، دوایش تووڕە دەبم بۆ نموونە: لەگەڵ چەند کەسێکی شوێنەواری سلێمانی چووم بۆ تەماشاکردنی موناقەشەی ماستەرنامەیەکی مێژووی کۆن (وابزانم وشەی تەماشاکردن گونجاوە.. ئەی کۆمیدیا نییە؟). ئەوانەی موناقەشەیان دەکرد، هەموویان پسپۆڕ بوون لە مێژووی نوێ یان سەدەکانی ناوەڕاست ، کەسیان لە مێژووی کۆن شارەزا نەبوون. ئەوە یەك لە نوکتەکان. ئەوانە موناقەشەی قوتابییەکەیان دەکردو ئێمەش سەیری یەکترمان دەکردو پێدەکەنین. پسپۆڕەکان چووبوونە سەر خۆڵەکەو تەپوتۆزیان لەو ناوە بەرزکردبوو. ئەو بەڕێزانە لە ئەسڵی بابەتەکە لایاندەداو خۆیان بە شتی تەرەوە مەشغووڵ دەکرد، بە فاریزەو وشەو شێوەی نووسینەوەی ناوی سەرچاوەو لەو جۆرە شتانە لەگەڵ چەند تێبینییەك لەسەر مێژووی کۆن, بەڵام هیچیان لە کرۆکی بابەتەکە نزیك نەکەوتن. یەکێ لەو مامۆستایانە هەواڵێکی ناردبوو کە نەخۆشەو پێی ناکرێ بێت، لەگەڵ هەواڵەکەش یەك لاپەڕەی ناردبوو گوایە ئەمانە تێبینییەکانی خۆیەتی لەسەر ماستەرنامەی قوتابییەکە. یەك لە مامۆستاکان پێویست ناکات ئەو تێبنییانە

ZAGROS WEBSITE

بخوێنرێنەوە، ئەوەی تر دیار بوو ناواخنەکەی زانیبوو و ویستبووی لەبەرچاوی ئامادەبووان ئاستی ئەو مامۆستا نەخۆشە ئاشکرا بێ. ئەو مامۆستایە زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی تێبینییەکان بخوێنرێنەوە. بڕوا بکە مەهەزلەیەك بوو بۆ خۆی. چەند تێبینییەکی کەم کە ئەگەر بەدەستوخەتێکی گەورە بیاننووسی تەنها یەك لاپەڕە پڕ دەکەنەوە، هەمووشیان شتی لاوەکی لەبارەی فاریزەو ناوی سەرچاوەو فەسڵ.

+دەکرێ لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە ماستەرنامەکانی تر؟

-بۆ ناکرێ؟ ماستەرنامە هەیە خۆم لەسەرم نووسیوە، هی تریش هەن حەز دەکەم لەسەریان بنووسم. بەپێی ئەزموونی خۆم دەتوانم دڵنیات بکەم ئەگەر هەموویان وا نەبن لەسەدا نەوەدوپێنجیان وایە.. بۆ وا نەبێ خۆ کەس دەپرسێتەوە؟ تۆش ئەگەر بتەوێ ڕەخنەبگریو ئاستێکت لەڕەخنەگرتنو هەبێ ئەگەر دەتوانی سەرچاوەکان بەدەست بهێنیو دەسەڵاتت بەسەر ئەو سەرچاوانە بشکێ، بەشی دە ساڵ ئیشت دەبێ.

+بە بەراورد لەگەڵ زانکۆکانی کوردستاندا کامیان باشترە؟

-من بۆ خۆم دوو ساڵم لە زانکۆی سلێمانی بردەسەرو دوو ساڵ لە زانکۆی سەلاحەددین، ئەو کاتە زانکۆکە برایە هەولێر. ئەو زانکۆیە نزمترین ئاستی لە عیراقدا هەبوو ئیتر ئایا بەهۆی حکومەتەوە بوو یان هەر هۆیەکی تر. ئەو کاتە مامۆستای باشمان هەبوو کە لەدەرەوە هاتبوونو ئاستیان زۆر باش بوو لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی زانکۆکە نزم بوو. بەڵام ئێستا مامۆستاکان هەر هی خۆمانن یان هەندێك لە بەغداوە هاتوون، ئەگەر ئەوکاتە ئاستی نزم بووبێ ئێستا هەر زۆر نزمترە، ئاستی زانکۆی سلێمانیش لە سەلاحەددین نزمترە.

+سەرەڕای ئەمەش بەشەکان لە زانکۆدا لە زیادبووندان. بە بۆچوونی تۆ باشکردنی بەشەکان باشتر نییە لە زۆرکردنیان؟

-نازانم مەبەستیان چییە لەزیادکردنی بەشەکان. لەوانەیە مەبەست لێی تەنها دیعایە بێ یان بۆ ناوبانگە. بێگومان چاککردنی بەشەکان باشترە بەڵام ئەگەر بکرێ زیادیش بکرێنو باشیش بکرێن زۆر باشترە، یان با بڵێم خەوەکە خۆشتر دەبێ. دیارە ئەمە قورسترە بۆیە بەشی باشی کەم لە بەشی زۆری خراپ باشترە. ئەوە وەك لایەنی نەزەری بەڵام لەڕووی عەمەلییەوە فەرق ناکات چونکە کۆمەڵگە ئەم ئاستەی ئێستا قبووڵ دەکات، زۆر بێ یان کەم، باش بێ یان خراپ.

+ئەو زانکۆیانەی کە بیانینو لقن لەزانکۆکانی دەرەوە لەکوردستاندا دەکرێنەوە دەتوانن ئاستی دواکەوتوویی زانکۆکانی ئێمە کەم بکەنەوەو بمانگەیەننە نزیك پێشکەوتوویی خۆیان.

-من ئاگام لەو زانکۆیانەو مامۆستاکانیانو مەنهەجەکەیان نییە، بەڵام ئەگەر مەرجەکانی زانکۆی هاوچەرخیان هەبێ ئەو کاتە یەکێك لە سوودەکانیان ئەوە دەبێ زانکۆ حکومییەکان ناچار دەبن موںافەسەیان بکەن، ئەو موںافەسەیەش ئەگەر بێ پاشقول بێ سوودی زۆرە.

+ئەگەر زانکۆکانی کوردستان بدرێنە دەست فازیل قەرەداغی چی دەکات ؟

-دەبێ بتوانم بێ دەست تێوەردانی کەس لەدەرەوە بڕیار بدەم. سەرەتا ناچار دەبین بەم شێوەیەی ئێستا یان دوو ساڵ لێبخورێنو لەو ماوەیەدا دەورە بۆ مامۆستاکان بکرێتەوەو هەموویان دەست بکەنەوە بەخوێندن. بێگومان لەسەر دەستی مامۆستای دەرەوە. ئینجا ئاستی ژیانی مامۆستاکانی ئێرە بەرزبکرێتەوە تا هەست بکەن مرۆڤن، مەنهەج بگۆڕدرێ، تەنانەت شێوازی تاقیکردنەوەش دەگۆڕم. تا دەتوانم شێوازەکە (ئۆپن بوك) بێ. قوتابی وا لێناکەم شت لەبەر بکاتو لە کاتی تاقیکردنەوە قوتابیی باش ئەوە بێ وەکو گەلابە زانیاری لەسەر کاغەز هەڵبڕێژێ، بەڵکو وای لێدەکەم هەست بکات تاقیکردنەوە ئەنجام نادات بەڵکو کتێبێك بۆ خەڵکی تر بنووسێ. گرنگترین شتیش ئەوەیە قوتابی وا لێبکەم بەشداری بکات لەو زانستەی دەیخوێنێ، واتە واز لە شێوازی تەلقین بهێنرێو قوتابی پرسیار وەکو کەسێك

مامەڵە لەگەڵ وانەکاندا بکات کە ئەوەی پێ ڕاسپێردراوە کتێبێك یان لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ئەو بابەتەوە بنووسێ، یان بۆچوونی خۆی لەبارەوە بڵێ. کاتێکیش زانیم ئاستی خوێندن لە زانکۆ بەرزبووەوە داوا دەکەم هەر فەرمانگەیەك لەبواری خۆیدا چەند فەرمانبەرێك بۆ ناو هۆڵەکانی خوێندن لە زانکۆ بنێرن تا بزانن لەبارەی زانستی نوێوە چ باسە. ئەمە یارمەتیی فەرمانگەکان دەدات خۆیان پێش بخەن بۆ ئەوەی کاتێك قوتابییانی دەرچوو لەوێ دامەزران بە عەقلیەتێکی نوێوە پێشوازیان لێ بکەن، ئەگینا سوودی چییە قوتابی لە زانکۆ فێری فیزیای ئەتۆمی بکەم‌و ئەو قوتابییە بەگەرمییەوە بچێتە ناو فەرمانگەکە کەچی لەوێ تا کۆتایی دەوام هەر تەماشای سەعات بکات تا بزانێ کەی دەوام تەواو بێ‌و تا ئەو دەوامە تەواو دەبێ هەر خۆی هەڵکرێنێ و مووی سمێڵی دەرکێشێ. شتی تر هەیە مرۆڤ دەتوانێ بیکات بەو مەرجەی کەس لەدەرەوە دەست نەخاتە کاروباری زانکۆ، بەڵام دەبێ بەرلەهەموو شتێك چارەسەری گەورەترین کێشەی خوێندن بکرێ ئەویش وەڵامی ئەو پرسیارەی قوتابی: وا خوێندم‌و تەواوم کرد.. چی لەو زانستە بکەم؟ قوتابی کاتێك دەبینێ چارەنووسی خوێندنی دوو ساڵ یان چوار ساڵ یان زیاتر ئەوەیە لە شوێنێك بە مووچەیەکی بێڕێز دابمەزرێ هیوای بەو خوێندنە نامێنێ. ئینجا سەردانی فەرمانگەکان بدات‌و وەزعەکە لەنزیکەوە ببینێ تەواو بێهیوا دەبێ. پێویستە نیزامە ئابوورییەکەی وڵات بگۆڕدرێ. ئەو نیزامە سۆشیالیستەی وڵاتە کۆمۆنیستە کۆنەکان پیادەیان دەکردو چەند وڵاتێك وەك عیراق وەریانگرت گەورەترین زیانی بەو وڵاتانە گەیاند. ئەو نیزامە سوشیالیست نەبوو بەڵکو سەرمایەداریی دەوڵەت بوو. دەوڵەت خۆی خاوەنی هەموو پرۆژەکان بوو و زۆربەی هاوڵاتیان فەرمانبەری لای حکومەت بوون. ئەنجامیش ئەمانە بوون: هاوڵاتی لەشوێنی خۆیدا وەستابوو، حەوافیز بۆ دڵسۆزی‌و خۆ پێشخستن نەبوو، فەرمانبەری زۆر واتە مووچەی کەم.. ئەوەی لە کوردستاندا هەیە پاشماوەی ئەو نیزامەیە. لەبەرئەوەی دەسەڵاتیش لێهاتوو نییە پاش هەر پرسیارێك لەو جۆرە (چی بکەین بۆ هاوڵاتیان) دەڵێ (با دایانمەزرێنن)، بۆیە دەبینی لە سەددا شەستی خەڵکی کوردستان فەرمانبەرن. بەڵام ئەوەی لە کوردستاندا هەیە لەو وڵاتە بەناو سۆشیالیستانە خراپترە چونکە لە کوردستاندا باسی بازاڕی ئازادو کەرتی تایبەت دەکرێ بەڵام ئەو بازاڕە تەنها بۆ بەرپرسان ئازادە مەگەر لە پرۆژەی بچووك کە بواری هاوڵاتیان هەیە. بەرپرسان ئیحتیکاری زۆر شتیان کردووەو ڕێگەی مونافەسەیان گرتووە. ئەوەی لە کوردستاندا هەیە تێکەڵەیەك لە نیزامی سەرمایەداری دەوڵەت لەگەڵ چەتەگەریی بەرپرسان. تا ئەوەش بمێنێ دەرچووانی زانکۆ شوێنی شیاویان دەست ناکەوێ‌و لەوەوە حەوافز زۆر کەم دەبن بۆ ئەوەی قوتابی پێش بکەوێ و شارەزایی زۆر لە بوارەکەی خۆیدا بێنێ. ئەوەی وتم شتێکی کەمەو زیاتری پێویستە لەسەر بدوێین.

+قوتابی چەند لە نزمبوونی ئاستی زانستیی خۆی تاوانبارە؟

-زۆر.. قوتابی ئەگەر منداڵ بێ دەتوانین گوناهی نەگرین، بەڵام قوتابی بە تەمەن منداڵ نییە. قوتابی نابێ لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەو دەسەڵات دواکەوتوون بە دواکەوتوویی ڕازی بێ. ئەگەر وا بێ چۆن دەتوانێ پێشەنگ بێ؟ چۆن دەتوانێ گۆڕانکاری بەدی بهێنێ؟ ئەگەر مامۆستاکەی ئاستی بەرز نەبێ بۆچی ئەو لە خوار ئەو ئاستەیدا بوەستێ؟ با بەلای کەمەوە بۆ ئیحراج کردنی مامۆستای ئاست نزم بە خوێندنەوەی بەردەوام ئاستی خۆی بەرزبکاتەوە. با یەکەم هەنگاوی لەگەڵ زماندا بێ. زمانزانی کلیلی وەرگرتنی زانیارییە. شتێکی تر کە قوتابی تێیدا تاوانبارە ئەوەیە کاتێکی زۆری قوتابیانی بە پەیوەندیی کوڕان‌و کچان دەڕوات، زانکۆش بۆتە شوێنی خونواندن‌و خانەی جلوبەرگ.

+کەواتە تێکەڵاوی بە باش نازانی.

-ئەگەر حەزم لە تێکەڵاوی بێ لام باشە، ئەگەر تەنها زانستیش مەبەستم بێ خراپە. لەم وڵاتانە خراپ شت بەکار دەهێنرێن. کوڕو کچ جیابکەرەوە ئینجا بزانە ڕادەی وڕی قوتابیان چەند کەم دەبێتەوە. بەداخەوە یەکێك لە

نموونەکانی دواکەوتن لای ئێمە ئەو قسەیە ئەو قسەیە دەڵێ پێویستە کوڕان و کچان لە قۆناغی ناوەندیدا تێکەڵاو بن. ئەگەر لێیان بپرسی چۆن ئەو تێکەڵاوکردنە دەبێتە هۆی پێشکەوتن هیچ وەڵامێکیان نابێ. ئەوان تەنها ئەوەت پێ دەڵێن: ((پێویستە کوڕو کچ لەنزیکەوە یەکتر بناسن)). باشە وا یەکتریان ناسی ئەی دوای ئەوە؟ ئایا قوتابخانەو زانکۆ دەبێ چی بن؟ مەڵبەندی زانست یاخود یانەی یەکترناسین؟ ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن هیچیان پێ نییەو ناتوانن تەنانەت باس لە چاکسازیی خوێندنیش بکەن.

سایتی ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان: www.nmak.org